المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 17-26
المجلد (7) – العدد (2)، كانون الأول 2023
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# ئاسۆی پێشبینیی ناونیشان لە کتێبی (ملوانکە)ی شێرکۆ بێکەسدا

سامان جەلال عزیز[1]، ڤان بەختیار محمد رؤف[2]

[1,2] بەشی ئەدەب، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: saman.aziz@univsul.edu.iq[1] , van.muhamadrauf@univsul.edu.iq [2]

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە باس لە ئاسۆی پێشبینی دەکات یاخود بە وتەیەکیتر (ئاسۆی چاوەڕوانی)ی (ناونیشان) وەک چەمکێک لە ئیستاتیکای وەرگرتندا، هەروەها کاریگەریی ناونیشان لەسەر ئاسۆی پێشبینی لە تیۆری وەرگرتندا، وەکو هەموو توێژینەوەیەکی تر، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ لایەنی تیۆری دەربارە تیۆری وەرگرتن و کۆکردنەوەی هەندێ بیرورِا دەربارەی تیۆرەکە و قسەکردن دەربارەی چەمکی (ئاسۆی پێشبینی)، و بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ پراکتیزەکردنی تیۆرەکە بەسەر ناونیشانی کتێبی (ملوانکە)ی شێرکۆ بێکەس، و کاریگەریی لەسەر ئاسۆی پێشبینی خوێنەر.

**کلیلە وشەکان:** ئاسۆی پێشبینی (ئاسۆی چاوەڕوانی)، تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن.

**الملخص:**

هذا البحث يتحدث عن أفق التوقع أو بعبارة أخرى (أفق الإنتظار) كمفهوم في جمالية التلقي و (العنوان)، و تأثيره على أفق التوقع في نظرية التلقي، كما هو وارد في الأبحاث الفصل الأول يخصص للتنظير عن التلقي و جمع بعض الآراء عن نظرية و التحدث عن مفهوم (أفق التوقع)، و الفصل الثاني مختص للتطبيق النظرية على عنوان كتاب (القلادة) للشاعر شيركو بيكس، و تأثيره على أفق التوقع القارىء.

**الكلمات المفتاحية:** أفق التوقع (أفق الإنتظار)، نظرية جمالية التلقي.

**Abstract:**

This thesis converses about the horizon of expectations or in other words, horizon of waiting, as a concept in the aesthetics of reception theory and the title of a work of art, and the effects that puts on the horizon of expectations in the aesthetics of reception theory.

The first part of the thesis is focusing on the theoretical concept of the horizon of expectation and the horizon change in the aesthetics of reception theory.

The second par is the practical part, which focuses on the title of a book by Sherko Bekas under the title (Necklace) and the aspects of effects that this title puts on the reader's horizon of expectations.

**Key words:** horizon of expectation, aesthetics of reception theory.



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.2.2

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**پێشەکی**

تیۆری وەرگرتن وەک تیۆرێکی تازەی بواری ئەدەب، لە دوای هاتنەکایەی لەسەر دەستی هەردوو تیۆریست (یاوس و ئایزەر) توێژینەوە و بەدواداچوونی زۆری لەبارەوە کراوە، ئەم توێژینەوە سنووردارەش هەوڵێکە لەو بوارەدا.

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو بەش، بەپێی چەمکی ئاسۆی پێشبینی کە یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی تیۆری وەرگرتن و بەپێی میتۆدی وەسفی- شیکاری توێژینەوەکە ئەنجامدراوە. بەشی یەکەم پێکهاتووە لە باسکردنێکی کورتی تیۆری وەرگرتن و هەروەها باسی چەمکی ئاسۆی پێشبینی و کاریگەری ئاسۆی پێشبینیی ناونیشان لەسەر ئاسۆی پێشبینی خوێنەر.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە بەشی پراکتیکی، تیایدا کتێبی ملوانکەی شێرکۆ بێکەس ناونیشانەکەی وەرگیراوە وەک نموونە بۆ ئەوەی بەشە تیۆرییەکەی بەسەردا پراکتیزە بکرێت.

وەک تێبینییەکی گرنگ، کە بە پێویستی دەزانین ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، کە چەمکی (ئاسۆی پێشبینی) بە راست و گونجاو دەزانین چونکە وەرگێڕراوی ناو کتێبی (ئیستاتیکای وەرگرتن)ی (یاوس)ە بە زمانی ئەڵمانی، کە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و دەقاودەق (horizon of expectation) دەگەیەنێت و نووسەرانی عەرەب زاراوەی (أفق الإنتظار)یان بەکارهێناوە و وەرگێر و توێژەرانی کوردیش بە (ئاسۆی چاوەڕوانی) وەریانگێڕاوە، وەک زاراوە، زاراوەی (horizon of waiting) لە بیرۆکە و چەمکەکانی (یاوس)دا نییە.

**بەشی یەکەم: ئاسۆی پێشبینی لە ئیستاتیکای تیۆری وەرگرتندا**

تیۆری وەرگرتن تازەترین تیۆری دوای بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوەیە، تیۆرییەکە بە کات و شێوازی جیا لای ڕۆبێرت هانس یاوس و وڵفگانگ ئایزەر گەڵاڵەبوو و بووە  بە یەکێک لە تیۆرە گرنگەکانی سەدەی بیست و دواتر، هەموو تیۆرەکانی پێشوو گرنگیدان بوو بە نووسەر و داهێنانی ئەدەبی و پشتکردنە ڕەگەزێکی گرنگی سیانەی (نووسەر – دەق – خوێنەر) کە ئەویش خوێنەرە، بە دانانی بنەماکانی تیۆرەکە خوێنەر بووە چەق و هەڵسەنگێنەری دەق و دووبارە داڕێژەرەوەی دەق.

((تیۆری وەرگرتن  کاتێک کە دەرکەوت، بە بیرۆکەی نوێگەر و چاونەترس ناسرا، ڕۆڵی خوێنەری بەدیار خست لە پرۆسەی تێگەیشتندا، هێزی دەخستە سەر گرنگی ئەو بەشداریکردنەی خوێنەر، بە تایبەتی هێزی دەخستەسەر لایەنی جوانیی بەرهەمی ئەدەبی داهێنەرانە. لێرەدا وەرگر سەرۆک و خاوەنی بەرهەمی ئەدەبییە بە بێ بەشداری ئەو، کارەکە بەشێوەیەکی باش ناڕوات بەڕێوە، کاری داهێنەرانە نەمری بەخۆوە نابینێت ئەگەر جەماوەر (خوێنەر) بەرز نەیرخێنێت و نەیگوێزێتەوە و دەستاودەستی پێنەکات لە بۆنە جیاجیاکاندا.)) (باللودمو، ٢٠١٣: ٥).

((لە ڕەخنەی نوێدا، وەرگرتن یەکێکە لە تیۆرەکانی پاش بونیادگەری. ئەم تیۆرە بایەخی سەرەکی بە خوێندنەوە و خوێنەر، یان وەرگر دەدات. لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دوو تیۆریستی ڕەخنەی ئەدەبی ئەڵمانی (هانز ڕۆبێرت یاوس) و (ولفگانگ ئایزەر) لە (زانکۆی کۆنستانسی) ئەڵمانی ڕۆڵی ئەکتیڤانەی خوێنەریان هێنایە ناو ڕەخنەی ئەدەبییەوەو لە بەرجەستە کردنی واتادا خوێنەریان کرد بە سەنتەری هەر تێکستێکی ئەدەبی، دواتریش (یاوس) ساڵی ١٩٦٧ ئەوەی خستەڕوو کە میتۆدە کۆنەکانی توێژینەوە ناتوانێت پارسەنگی پێشکەوتنە نوێیەکانی ئەدەب بێت، چونکە ئەمانە ڕەگەزی وەرگریان لە هاوکێشەی (نووسەر – دەق – خوێنەر)دا فەرامۆشکردووە. تیۆری وەرگرتن بنەماکانی خۆی لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیای هۆسرڵ و هایدگەر و گادامێر وەردەگرێت، ئەم فەلسەفەیە خود دەکات بە سەرچاوەی تێگەیشتن.)) (بەرزنجی، ٢٠٢٠: ٣٩ – ٤٠).

تیۆری وەرگرتن تیۆرێکی تازەیە کە تیایدا گرنگی بە ڕای خوێنەر دەدات لە ڕاڤەکردنی دەقدا (reader response) ((کاتێک لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا تیۆری وەرگرتن – Theory of reception دەرکەوت و سەرنجی ئەدەبیاتناسانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا لە بواری ئەدەبدا، (کە دواتر لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بنەماکانی بە تەواوەتی چەسپا) لەسەر دەستی (ڕۆمان ئینگاردن) کە لەو کاتەدا سەرەتا کتێبەکانی خۆی دەربارەی ئەم تیۆرییە پێشکەشکرد، کە بیرۆکە و ڕەگی فەلسەفەکەی لە فەلسەفەی فینۆمینۆژیاوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەو فەلسەفەیەی کە زۆرترین گرنگی بۆ دانەرەکەی (هۆسرڵ) لەخۆ گرتبوو (ئاگایی بە شتەکان). کاتێک هۆسرڵ وەک ڕینیە دیکارتی پێش خۆی دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕاستی بە ڕەتکردنەوەی کاتیی ئەوەی کە ناوی دەنێن (ئاراستەی سروشتی)، (هۆسرڵ) دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی توانای دڵنیابوونەوەمان نییە لە بوونێکی سەربەخۆی شتەکان، دەتوانین هەر زوو تەئکید لە شێوە جەستەییەکەی بکەینەوە لە هەستەکانماندا، هەرچەندە ئەوەی کە مەبەستمانە وەهم بێت یان نا، شتەکان لەبەر خودی خۆیان وێنا ناکرێن بەڵکو شتی گریمانەیین، یاخود مەبەست بن لە ئاگایی و درککردن. هەموو هەستێک

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

هەستکردنە بە شتێک لە کردەی بیرکردنەوەدا، درک بەوە دەکەم کە بیرم لەم حاڵەتەدا ئاماژە بۆ شتێک دەکات. پەیوەندییەکی ناوەکی هەیە لە کردەی بیرکردنەوە و بابەتی بیرکردنەوەکە پێکەوە دەبەستێتەوە هەریەکەیان بەوەی ترەوە بەندە. هەستکردنم تۆمارێکی نێگەتیڤ نییە دەربارەی دونیا بەڵکو وێناکردنیەتی.)) ( الساعدي، ۲۰۱۸: عدد ۵۸۷۹).

ئەم وتانەی هۆسرڵ بەو مانایە دێت کە هەموو بیرێک یان نووسینێک بەرچاومان دەکەوێت بێ ویستی خۆمان لە ئاگاییماندا وێنەیەکی بۆ دەکێشین و هەموو بیرکردنەوەکان دەبنە زنجیرەی وێناکردن و بەدوای یەکدا هاتوو کە کردەی تێگەیشتن و درککردن بە شتە نوێیەکان ئاسان دەکات.

تیۆرستەکان خۆیان خوێنەرن دواتر هەڵسەنگێنەر و ڕەخنەگر، درکیان بەوە کردووە کە هاوکێشەکە لاسەنگە، لە کاتێکدا نووسەر بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ ئەوە دەنووسێت کە بخوێنرێتەوە، لە وادەی پێش هاتنی تیۆری وەرگرتندا هیچ پێگەیەک لە تیۆرەکاندا بۆ خوێنەر بوونی نەبووە بە مەرجێک یەکێکە لە کۆڵەکەکان و خوێنەر، وەرگر و هەڵسەنگێنەر و خاوەن خوێندنەوەی تایبەتە، (ڕۆلان بارت) لە (مردنی نووسەر)دا دەڵێت: ((مانای جەوهەری کارێکی ئەدەبی ئەو کاریگەرییەیە کە دەکەوێتە سەر خوێنەر زیاتر لەوەی (هەست و سۆز)ی نووسەر یان (چێژی هونەر) نووسەر بێت، هارمۆنیەتی تێکستی ئەدەبی ناکەوێتە سەر ڕەگ و ڕیشەی تێکستەکە یان داهێنەرەکەی، بەڵکو دەکەوێتە سەر قەدەرەکەی واتا جەماوەرەکەی.)) (The death of the author, Roland Bart) ( عیاشي، ۱۹۹٤: ۱٥).

((ئەگەر تیۆری وەرگرتن قسە دەربارەی چۆنێتی بە یەکگەیشتنی خوێنەر بە دەق بکات، کە تیایدا بۆچوونی یاوس و ئایزەر یەکنەگرنەوە ئەوا تیۆری هێرمنیۆتیکا (ڕاڤەکردن) باس لە چۆنێتی ڕاڤەکردنی دەق دەکات لەلایەن خوێنەرەوە، لەبەرئەوە جیاوازییەکە زۆر نییە. سەرەڕای ئەوەی پێشەوایانی تیۆری وەرگرتن گەڕانەوەیان بۆ سەرچاوەکانی هێرمنیۆتیکا ڕەت ناکەنەوە، تەنها ئەوەیە کە شکۆی خوێنەر بەرزدەکەنەوە لەسەر بنەمای دەق. تیۆری وەرگرتن لەسەر بنەمای چەند بیرۆکەیەک دامەزراوە، کە دەیەوێت وەڵامی هەندێ پرسیاری تیۆرییەکە بداتەوە، بە لێکدانی بیرۆکەکانی (یاوس) و (ئایزەر) پێکەوە؛ کە ئەمانەن: ئاسۆی پێشبینی، مێژووی ئەدەبی، بۆشایی دەق، پێگەی دیارینەکراو، خوێنەری زانراو، مەودای ئیستاتیکی، باکگراوندی دەق، کۆمەڵایەتیبوونی ئەدەب، ...)) (هذيلي، مجلة دواة: ١٥٤).

((بێ گومان ئەوەی تاوەکو ئێستا بەدیهاتووە زۆر مەزنە، بەشێوەیەک یاوس ڕایگەیاند، کە گۆڕانکاریی ڕەگ و ڕیشەیی ڕوودەدات لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەشێوەیەک ڕەنگە بگاتە ئەوەی کۆتایی تیۆری ئەدەبی ڕابگەیەنرێت یاخود مردنی، وەک ڕاگەیاندنی مردنی نوسەر و مرۆڤ و خوا، سەرەتای تیۆری ئەدەبی لە ڕاوبۆچونی ئیستاتیکای وەرگرتنەوە تیۆری ئەدەبی باسی لە نوسەر دەکرد و دواتر دەچووە سەر باسی دەقەکانی، بەڵام مێژووی ئەدەب بە وێنە نوێیەکەی باسی وەرگر دەکات، و باسی دەقە ڕەخنەییەکەی، لە ئێستادا وەرگر خوڵقێنەری دەقە، وەک ئەوەی ئەوان دەیڵێن وهەروەها ئەم کودەتایەی ئەدەب ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە.)) (هذيلي،مجلة دواة: ١٥٨).

هەموو ئەو بیرۆکانەی سەرەوە پەیوەندی بە دەق و نووسەریشەوە هەیە، بەڵام بیرۆکە و مەبەستە سەرەکییەکە ئەوەیە کە خوێنەر وەک چۆن لە تیۆرییەکانی پێشوودا پشتگوێ خرابوو لای ئەمان شکۆی بۆ گێڕراوەتەوە و کراوە بە سەنتەر بۆ ڕاڤەکردنی دەق، ئەمەش ڕەوایە، چونکە نووسەر دەقێک بۆ ئەوە دەنوسێت بخوێنرێتەوە، لەناو خوێندنەوەکانیشدا خوێنەری جۆراوجۆر هەن کە ڕاڤەی جۆراوجۆر بۆ دەقەکە دەکەن.

**ئاسۆی پێشبینی**

یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی تیۆری وەرگرتن لای دانەرانی تیۆرەکە (ئاسۆی پێشبینی) یان (ئاسۆی چاوەڕوانی)یە کە هەر یەک لە زاراوەکان بۆ خوێنەر دانراوە و تایبەتن بە ئەو، ((ئاسۆی چاوەڕوانیی یان ئاسۆی پێشبینی HORIZON ATT ENT مەبەست لەو پێوەرانەیە کە خوێنەر بەکاریان دەهێنێت بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی، کاتێک کەبابەتێک دەخوێنێتەوە، بە پێی ئەو دید و پێوەرانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات کە لەلای ئەم جێگیربوون، واتە: هەموو خوێنەرێک کۆمەڵێک قەناعەت و پێوەری لا چەسپیوون بوون بە ئاسۆیەک لەلای کە دەقێک دەخوێنێتەوە چاوەڕوانی ئەوە دەکات لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکەدا بگونجێت.)) (طاهیر/ محمود، گ. زانکۆی سلێمانی ژ.۳۳، ۲۰۱۲: ٦١) .



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:17-26
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (7) – العدد (2)، كانون الأول 2023
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لە پاشخانی زانیاری خوێنەردا، بەپێی خوێندنەوەکانی، کۆمەڵێک ڕێسا بنیاتنراوە بۆ وەرگرتنی دەقی ئەدەبی، واتە: ئەو پێشبینییانەی کە خوێنەر هەیەتی بۆ دەقێکی ئەدەبی چاوەڕوانییەکی دەداتێ کە دەقێکی نوێ دەخوێنێتەوە بەشێوەیەک پێشوازی لێدەکات، کە لەگەڵ ئەو ڕێسایانەدا بگونجێت.

بەم پێیە دەقیش ئاسۆی چاوەڕوانی خۆی هەیە، هەر لێرەوە کارەکە بەم شێوەیە دەکەوێتەوە:

١. ئاسۆی چاوەڕوانی دەق لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا گونجاوە.
٢. ئاسۆی چاوەڕوانیی دەق خوێنەر توشی نائومێدی دەکات، چونکە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی ئەمدا ناگونجێت.
٣. ئاسۆی چاوەڕوانی دەق بەجۆرێک دەکەوێتەوە، کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەگۆڕێت، قەبارەو پێوەری تری لا دروست دەکات.)) (طاهیر/ محمود، گ. زانکۆی سلێمانی ژ.٣٣، ٢٠١٢: ٦١- ٦٢)




ئاسۆی چاوەڕوانی پێکەوە لەگەڵ یەکێکیتر لە ڕەگەزەکانی تری تیۆری وەرگرتندا کاردەکەن ئەویش مەودای ئیستاتیکییە، مەودای ئیستاتیکی (( (یاوس) چەمکی مەودای جوانکاری بەکاردەهێنێت بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی ستاتیکی نێوان ئەوەی بەخشراوە، کە دەقەکەیە لێی ڕژاوە ئەوەشی، کە چاوەڕواندەکرێت لە ڕێگای وەرگرەوە بخرێتە سەر بەرهەمهێنراو، تا بە تەئویلی جۆراوجۆر دەوڵەمەندتر بێت ئەو جیاوازییەی کە لە ئەنجامی نزیکبوونەوەی خوێنەر لەدەقەوە پەیدا دەبێت کاتێک کەپێکهاتەو ناوەڕۆکی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا تەبا نابێت، بۆیە وادەکەوێتەوە کە ئاسۆیەکیتر بوونیادبنێت لە ڕێگای وەرگرتنی هۆشی و زانیاری تازە لەکارە خوێنراوەکەدا.)) (طاهیر/ محمود، گ. زانکۆی سلێمانی، ژ.٣٣، ٢٠١٢: ٦٣).

لەم توێژینەوەیەدا هەردوو توێژەر (علی طاهیر و شنۆ محمد) ئاسۆی چاوەڕوانی لە دابەشکردنی دێرەکانی شیعریشدا دەبیننەوە و بە جۆرێک باسی گۆڕانکاری ڕیتمی نووسین و بەکارهێنانی کێش و سەروا دەکەن کە خوێنەر یان وەرگر لێرەشدا تووشی شۆک دەبێت و بابەتەکەی بۆ هەرس ناکرێت، کە پێشتر خوێنەر بە جۆرە ڕیتم و کێشێک ڕاهاتووە و ئێستا چاوەکانی لەسەر پەرەکە ئەو ڕیتمە نابینێت و گۆران وەک نموونە دەهێننەوە. (طاهیر/ محمود ، گ. زانکۆی سلێمانی، ژ.٣٣، ٢٠١٢: ٦٩).

بە وتەیەکی تر ئاسۆی چاوەڕوانی ئەو ڕەگەزەی تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتنە کە تیایدا وەرگر کار لەسەر هەموو ڕەگەزەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکە دەکات بە ناوەڕۆک و فۆرمەوە، سەرجەم ئەو ڕێسا چەسپاوانەی لە زەینی خوێنەردا هەن بۆ خوێندنەوەی ڕەخنەییانە دەخرێنە گەڕ بۆ هەڵسانگاندنی بەرهەمە نوێیەکە هەندێک جار خوێنەر ناچار دەبێت ئەو ڕێسایانە تێکبشکێنێت لەپێناو گەیشتن بە بیرۆکەی نوێ و ئیستیعابکردنی ئەوەی کە نوێیە.

ئاسۆی پێشبینی بە جەمسەر دادەنرێت و ئەو چەقەیە، کە چەمکەکانی تری تیۆرییەکەی بە دەوردا دەسوڕێتەوە. دەق لە بۆشاییەوە سەرچاوە ناگرێت بەرەو بۆشایی ناڕوات، هەموو نووسەرێک ئاسۆیەکی هزری و ئیستاتیکی دەکات بە خاڵی وەرچەرخان بۆ خۆی، نووسەر لە بیردا کردەوەکان ڕێکدەخات چۆنێتی دارشتنی شێوازەکەی ڕێکدەخات بۆ ڕەگەزە ئەدەبییەکان، ئیستاتیکا پراکتیزە دەکات و تیایدا داهێنان دەکات، ئەمە لە وێناکردنی تایبەتی خۆی بۆ نوسین و لە گەنجینەی خوێندنەوەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت. لە بەرامبەردا هەموو خوێنەرێک بە تایبەت ئەوانەی ڕەخنەگرن، ئاسۆیەکی هزری و ئیستاتیکیان هەیە، کە وەرگرتنی دەقەکە هەڵدەسوڕێنێت، ئەو ئاسۆیەی، کە پێکهاتەی ڕەگەزە ئەدەبییەکانی ئەزمونی خوێنەرە، کە دەقە خوێنراوەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، هەروەها لە ئاگایی خوێنەردا ئەو پەیوەندییە دیاریدەکرێت، کە دەقەکە بە دەقی ترەوە دەبەستێتەوە، جگە لە بیرکردنەوەی ئەپستیمیی و درککردن بەو جیاوازییە جەوهەرییەی لە نێوان تاقیکردنەوەی دەق و تاقیکردنەوەی واقیعدا هەیە، کە گوتاری ئەدەبی پێ جیادەکرێتەوە. بێلایەنی و نێوەندگیری نییە لە هەریەک لە خوێندنەوە و نوسیندا، کاتێک کە میکانیزمی خوێندنەوە دەجوڵێت،

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (7) – العدد (2)، كانون الأول 2023
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئارگیومێنتێکی تایبەت لە نێوان هەردوو ئاسۆکەدا گەشەدەکات، و ئاسۆی دەق لەگەڵ ئاسۆی پێشبینیدا یان پێکەوە دەڕۆن یان یەک ناگرنەوە و ئاسۆی پێشبینی دەگۆڕێت. بۆیە ئەوەی لەسەر ڕەخنەگرە ئەوەیە؛ جۆری کاردانەوەکان دیاریبکات کە خوێنەرەکان هەیانە لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا، خوێنەر بە شێوەیەک لە بەرهەمەکە تێدەگات کە ئاسۆی ئەدەبی جۆراوجۆری خۆی سەرلەنوێ شێوەدارێژ بکاتەوە، لە ڕێگەی درککردن بەو ئەگەرانەی بۆی ئاراستە دەکرێت، بە شێوەیەک مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا خوێنەر دەکات بە کارا و کارلێکراویش لە هەمان کاتدا. خوێنەر ناتوانێت دەقێک گۆبکات (إنطاق نص ما) یان لە مانا سەرەکییەکەوە مانا شاراوەکەی دەربهێنێت ئەگەر لە چوارچێوەی تێگەیشتنی جیهان و ژیان نەبێت کە دەقەکە لەسەری دەڕوات. (الهذيلي، مجلة دواة: ١٥٦).

ئەو وەرگرەی کە لێرەدا باسی لێوە کراوە خوێنەرێکی بە ئاگای بەرهەمە جۆربەجۆرەکانە و ئەمە وایکردووە بتوانێت ئەو دەقە نوێیەی دێتە بەردەستی بەپێی دەقە پێشینەکانی تر کە خوێندوونیەتییەوە، هەڵبسەنگێنێت، یاخود خوێنەرێک بێت کە ئەزمونێکی کەمی خوێندنەوەی هەبێت بەڵام وێناکانی ژیانی ڕۆژانە ببنە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی دەقە نوێیەکە، یاساکانی ژیان و پێوەر و یاسا ئەدەبییەکان بۆ خوێنەر دەبنە سەرچاوە بۆ هەڵسەنگاندنی دەقێکی نوێ.

لە شوێنێکی تردا توێژەرێک زاراوەی (ئاسۆی چاوەڕوانی) بەم شێوەیە باسدەکات: ((ئەم چەمکە یەکێک بوو لە چەمکە جیاکراوانەی (إجرائي) کە "یاوس" دایمەزراند، بۆ دیاریکردنی نمونە تازەکەی لە توێژینەوەی کاری ئەدەبیدا، و ڕۆڵی ئەزمونی خوێنەر لە تێگەیشتنی ئەدەبی و گەشەسەندنیدا، ناتوانین پێناسەیەکی وردی زاراوەکە بدەین بەدەستەوە، چونکە (یاوس) خۆی بە وردی دیاریی نەکردووە، بەڵام پێناسەیەکی سەرەتایی ئەوەیە: سیستمی ئاڵوگۆڕێکی خودییە، یان بنیاتنانی پێشبینییەکانە، (وەک سیستمێک کە بۆی بگەڕێتەوە) یان سیستمێکی هزرییە، بە جۆرێک تیایدا گریمانەکانی تاک ڕاست دەردەچن بۆ هەر دەقێک، کەواتە: ئاسۆی پێشبینی بە سادەیی ئەو گریمانە یەکەمینەیە کە خوێنەر دایدەنێت وای بۆ دەچێت کە پێی دەگات لە کۆتایی خوێندنەوەی ئەو کارە ئەدەبییەی لەبەر دەستیدایە، بە ئەزمونەکانی ڕابردووی ئاودێری دەکات، لەبەرئەوە (ئاسۆی چاوەڕوانی) خاڵی سەرەکی بووە لە تیۆرەکەی (یاوس)دا و مێژووی وەرگرتنی دەق (ڕابردوو، ئێستا).

لێرەوە (ئاسۆی چاوەڕوانی) لەسەر سێ شت دەوەستێت:

- ئەزمونی پێشینەیی، کە جەماوەر (وەرگر) هەیەتی ڕەگەزی ئەدەبیی ئەو دەقەی بۆی دەگەڕێتەوە.
- شێوەی کارە پێشینەکان و بابەتەکانی کە لە خۆیانیان گرتووە و لە بەراوورد بە دەقە نوێیەکە، یاخود توانای دەقئاوێزان و پەیوەندی ئەم کارە بە کاری ترەوە.
- بەرامبەر وەستان لە نێوان زمانی شیعری و زمانی کردەیی، یاخود نێوان جیهانی خەیاڵ و واقیعی ڕۆژانە، بە شێوەیەک کە خوێنەر گریمانەکان و ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی لە ئەزمونی واقیعەوە سەرچاوە دەگرن.

ناتوانین باسی ئاسۆی چاوەڕوانی بکەین، ئەگەر باسی ئامادەبوونی ئەزمونی ئەدەبی خوێنەر نەکەین، کە وەها لە خوێنەر دەکات بنیاتی گریمانەی پێشینە بنێت کە چاوەڕوانیەکەی بێتەدی لە کاتی خوێندنەوەی کارە ئەدەبییەکەدا، بە شێوەیەک خوێندنەوەکە خوێندنەوەی یەکەم نییە و ئەو خوێندنەوەیەش نییە، کە لە کاتی کارلێک لەگەڵ دەقەکەدا لەدایکدەبێت، هەموو خوێنەرێک کاتێک ڕوو دەکاتە دەقێک بە کۆمەڵێک بیرۆکە و ڕێساوە لە دەرگای دەقەکە دەدات، جەماوەر خوێنەرێکی پێشتر ئامادەکراوە لە ڕێگەی سەرچاوەی مێژوویی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە کە تیایدا دەژی وەک ژیانی ڕۆژانەی، وەرگر لە پێشبینییەکدا دەژی دەیخاتە حاڵەتی کاردانەوە و نزیکبوونەوە لە کارە ئەدەبییەکە، بە شێوەیەک؛ ئەم پێشبینییە بە چارەنووسێک کۆتایی نایەت هەتاوەکو خوێنەر و دەق ئاوێتە نەبن، لە سەرەتای کردەی خوێندنەوەکەدا ڕەنگە ئەم پێشبینییە بەشێوەیەک لە مێشکی خوێنەردا پارێزراوە، وەک چۆن خوێنەر قەسیدەیەکی کلاسیکی بخوێنێتەوە (چونکە پێشتر دەزانێت لە چ کەرستە و کێش و سەروایەک پێکهاتووە) بە هەموو شێوەیەک ئامادەیە بۆ خوێندنەوەی بەمەش پارێزگاری لە پێشبینییەکەی دەکات، لە ئەنجامی هەبوونی ئەزمونی زۆر لەو بوارەدا، ئەم حاڵەتە وەرگر وەڕس دەکات، لە ئەنجامی وەستان و دووبارەبوونەوەی زۆر کە هیچ جوڵەیەکی تێدا نییە لە بەرهەمهێنانی مانا و تێگەیشتن و چالاکی ڕاڤەکردن بۆ دەقەکە، کە ئەمەش ڕۆحی داهێنان دەکوژێت لە خوێنەردا. بە پێچەوانەی ئەمەوە هەندێک جار خوێنەر بەر دەقێک دەکەوێت وەهای لێدەکات کە دووبارە ئاسۆکەی بنیات بنێتەوە، یان بە تەواوی ئاسۆکەی بپچڕێنێت؛ لە ئەنجامی یەکنەگرتنەوەی ئاسۆی خوێنەر لەگەڵ ئاسۆی دەقدا. (زین، ٢٠٠٤- ٢٠٠٥: ٧٧).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

کەواتە: هەتاوەکو خوێنەر بەرکەوتنی لەگەڵ دەقی نوێدا زیاتر هەبێت لێکدانەوەکانی و داهێنانەکانی زیاتر دەبن و زیاتر ئاسۆی بیری فراوان دەبێت بۆ وەرگرتن و ئیستیعابکردنی بەرهەمی نوێ، تەنانەت ئەگەر ناچاریش بێت ئاسۆی پێشبینییەکانی بگۆڕێت، چونکە وەرگرتنی بەرهەمی نوێ کە ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی ئەمدا یەکنەگرنەوە پڕ بەرهەمتر و چالاکترە وەک لەوەی بەرهەمی پێشبینیکراو وەربگرێت و لای ئەم سواو بێت و وای لێبکات خوێنەرێکی ناچالاک بێت.

**بەشی دووەم: ناونیشانی (ملوانکە)ی شێرکۆ بێکەس و ئاسۆی چاوەڕوانی**

لە بەرهەمی ئەدەبیدا، ناونیشان ئەو دەرگا بەکلۆمەیە کە خوێنەر لێوەی دەچێتە ژوورەوە و کون و قوژبنەکانی بەرهەمەکە هەڵدەهێنجێنێت و تاوتوێیان دەکات و ئاسۆی پێشبینییەکانی لێوە بنیات دەنێت. ناونیشان کە سەرنجراکێش بوو خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی، بەجۆرێک کە ڕەنگە هەندێ خوێنەر بەهۆی ناونیشانەوە بەرەو خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی بڕۆن. ناونیشانە وا دەکات دەست بە خوێندنەوە بکەیت و هەوڵبدەیت بۆ زانینی کۆتایی.

((ناونیشان وەک ڕەگەز و توخمی هونەری پێکهاتەی دەق، سەرەتا و دەروازەی دەقە، لە ئاستی ڕووکەش و سادەدا بەزۆر شێوە ناسێنراوە، بۆ نمونە لە ڕەخنەی کۆندا ناونیشانیان وەک گەیاندنی ڕاستەوخۆی پەیامەکانی ناوەڕۆکی دەق ناساندووە، وەک سەرەتایەک بۆ ناساندن و سیفەتی جیاکردنەوەیان پێبڕیوە و بە چڕکردنەوەی ناوەڕۆک ناوزەدیدەکەن، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا لە ئاستێکی قووڵتر و وەک بابەتێکی ڕەخنەیی قسەی زیاتر و هەمەلایەنتری لەسەردەکەن و دەیکەنە یەکێک لە سیماکانی دەقبوون.)) (عزیز،گ. زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦، ژ.٥١: ٢٤٥).

((ناونیشان بابەتێکی گرنگی دەقی شیعرییە، کاریگەری خۆی بەسەر دەقەوە دەبێت. گرنگی ناونیشان لەوەدایە کە توخمێکی گرنگی پێکهاتە ئەدەبییەکەیە، هەروەها پێکهاتەیەکی ناوەوەی دەقەو بایەخێکی دەلالیش بۆ خوێنەر دروستدەکات و دەبێتە نوێنەری دەسەڵاتی دەق)) یاخود ((ناونیشان، مەرجەعێکە ئاماژەو رەمز لەخۆدەگرێت، واتا چڕ دەکاتەوەو دانەر دەقەکەی لەسەر دەچنێت، پرسیارێکە دەقەکە وەڵامی دەداتەوەو خوێنەریش ڕاڤەو زیادەی دەخاتە سەر)) هەروەها ((ناونیشان دەبێت پابەندی ناوەرۆکی دەقەکە بێت، یاخود زۆر لێی دوورنەکەوێتەوە، ئەمەش پێی دەگوترێت پابەند بوون بە دەق (الالتزام بالنص) )) هەر پێناسەیەکیتر کە ئەم توێژەرە ئاماژەی پێداوە، ((هەروەها ناونیشان دەبێتە بەشی ئاماژەپێکەری دەقەکەو هۆکارێکیش دەبێت بۆ بەشداریکردن لە ڕوونکردنەوەی لێڵیکان.)) (بەرزنجی، ٢٠٢٠: ٢٠، ٢١).

((ناونیشان یەکەمین نامەی بەکۆدە، کە لە ڕێگەیەوە خوێنەر ئاسۆیەک بنیات دەنێت بۆ دەقەکە؛ پێدەچێت نوسەر یەکەمین شت ناونیشان دابنێت و لەوانەشە کۆتا شت ناونیشان بنوسێت.)) (زین، ٢٠٠٤-٢٠٠٥: ١٠٤).

لە هەندێ دەقدا ناونیشان پێچەوانەی واقیعە دەقەکەیە، واتە: واتاکەی وا لە خوێنەر دەکات ئاسۆی چاوەڕوانییەکی جیاوازی هەبێت وەک لە ئاسۆی دەق، بەوەش ناتەبایی یاخود ناتەبابوون لە نێوان هەردوو ئاسۆکەدا بەرهەم دەهێنێ و بەوەش مەودای ئیستاتیکی فراوان دەکات و ئاستی ئیستاتیکی دەق بەرەو باڵاتر دەبات وەک ئەم ناونیشانە: (پارێزەرەکەی لەیلا)؛ لە کاتێکدا خوێنەر چاوەڕێیە لەیلا بپارێزرێت لەلایەن پارێزەرەکەوە، کەچی خیانەتی لێبکات یان، پارێزەر ئەگەر مەبەست وەک کەسێکی (bodyguard) بێت لەبری ئەوەی بیپارێزێت خۆی دەستدرێژی بکاتەسەر، یان توندوتیژی بکاتەسەر، لەم بارانەدا ناونیشان و ناوەرۆکی دەق جیاوازن یاخود دژن.

((لە ڕەخنەی کۆندا ناونیشان پێگەو گرنگییەکی کەمتری هەبووە و لێکۆڵینەوەکان لە چوارچێوەیەکی سنوورداری گۆشەگیردا بووە، ئەمە سەرباری ئەوەی لەناو پێکهاتەی دەقی تەقلیدیشدا گرنگییەکی بەرچاو بەم ڕەگەزە نابینرێت، تەنانەت لە هەندێ لە دەقەکانیشدا هەر بوونی نییە و فەرامۆشکراوە. بۆیە دەکرێت بڵێین تێڕامان و گرنگیدان بە ڕەگەزی ناونیشان بەرهەمی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخە، کە لەژێر کاریگەری بواری زمانناسی دەقدا وەکو ڕەگەز و بنەمای جوانیناسی تەماشای دەکەن، واتە سەرەتاو گرنگیپێدانی ئەم ڕەگەزە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نوێ و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ.)) (عزیز، گ. زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦، ژ.٥١: ٢٤٥-٢٤٦)

لەگەڵ بوونی هەموو ئەو پێناسانەدا؛ هەندێ کاری ئەدەبی بەتایبەت شیعر بێ ناونیشانن، دیارە ئەمەش بێ مەبەست نییە لەلایەن دانەرەکەوە کە، شیعرێک بێ ناونیشان دەنووسێت و بڵاوی دەکاتەوە، ڕەنگە خۆی هیچ وشەیەکی بە شیاو نەزانیبێت بیکاتە ناونیشان، یاخود مەبەست لێی ئەوەیە مێشکی خوێنەر بەوەوە سەرقاڵ بکات و سەرپشکی بکات کە خۆی ناونیشانێک بۆ بەرهەمەکە دابنێت،

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

کە ئەمەش بەشدارییپێکردنێکی کارای خوێنەرە لە هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبیدا بەوەی بەشدار دەبێت لە دانانی ڕەگەزێکی گرنگ لە بەرهەمە ئەدەبییەکەدا، یان ڕەنگە وەک بۆشایی دەق بۆ خوێنەری بەجێبهێڵێت.

ناونیشانی ئەم بەرهەمە پێکهاتووە لە تاکە وشەیەک، شاعیر یەکێک لە ئامرازەکانی جوانکاری ژنانی کردووە بە ناونیشانی هەموو کتێبەکە، پیاوان بۆ کەرەستەی ڕازێنەرەوە هەندێجار زنجیر دەکەنە ملیان، زۆربەی جاران دەوترێت: "کوڕەکە زنجیرێکی لە ملدایە." زۆر کەم وشەی ملوانکە بۆ پیاو بەکاردەهێنرێت؛ ئەگەر بەکاربهێنرێت بۆ سوکایەتی و کەمکردنەوەیە بۆ پیاو. شێرکۆش (ملوانکە)ی هەڵبژاردووە چونکە وشەکە لای ئەو و لە باکگراوندی ئەپستیمەی میللەتەکەیدا مێینەیە. (ملوانکە) لە مووروی ڕەنگاوڕەنگ و ڕەنگی گەشاوە و تێر دروست دەکرێت بۆ گەردنی ژنان، (ملوانکە) ڕازێنەرەوەی گەردن و بەرۆکی ژنە، ئەو بەشەی کە ملوانکەی تێدەکرێت ملە، مل لە لەشدا سەر و جەستەی پێکەوە نووساندووە، پردی پەیوەندی نێوان دڵ و مێشکە، (مل) ئەو جێگەیەیە کە دەپەڕێنرێت هەتا دڵ و مێشک پەیوەندییان نەمێنێ، (شێرکۆ) لە ناو هەموو بابەتەکانیتری جوانکاریدا بێ مەبەست ملوانکەی نەکردووە بە پاڵەوانی دەقەکەی، (شێرکۆ) بازن و مستیلە و خرخاڵ و گوارەی هەڵنەبژاردووە بۆ ناونیشانی دەقەکەی، بەڵکو (ملوانکە)ی هەڵبژاردووە، چونکە گرنگی شوێنی ملوانکەی هەست پێکردووە، هەرچی پەلەکان و ئەندامەکانیترە کە جوان دەکرێن و دەڕازێنرێنەوە ئەوەندەی مل سەرەکی و گرنگ نین، کەواتە: ملوانکەش گرنگە چونکە لە مل دەکرێت، ملوانکەش زنجیرێکی زێڕ یان زیو نییە؛ بەڵکو مووروو، مووررووش ڕازێنەرەوەی ژنان و کچانە، کەرەستەی دروستکردنی ملوانکە و یاریی مورمورێنی کچانە.

لە (فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی کوردیی)دا هاتووە: ((ملوانکە: بریتییە لە خشڵ و متو مورو کە ژنان لە ملیان دەکەن. ئەمڕۆ ملوانکەی پیاوانەش هەن. وشەکە لێکدراوە و بریتیە لە مل + وانکە. وشەی «مل» بریتیە لەو بەشەی لەش، کە سەری ڕاگرتووە و دەیسووڕێنێت. لە ڕەگی وشەی PIEی - kwel، کوێل- هاتووە بە واتای (خول)، چونکە ئەوە ملە کە وادەکات، سەر خول بخوات و بسوڕێت. هەرچی «وانکە»یە، ئەوا لە (خوانکە) هاتووە و بریتیە لەو تریانەی کە نانی تازە دروست کراوی تێدا هەڵدەگیرێت. هەروەک بە سینی و خوانچەی نان و چێشت لە سەر دانانیش دەگوترێت. بەمجۆرە دەردەکەوێت کە ناوی ملوانکە، بۆ جۆرە چارۆگەیەک هاتووە کە لە ملەوە پێچراوە و ژنان لە کاتی نان کردن بەکاریان هێناوە. بە سود وەرگرتن لە هەمان ناو، دواتر ملوانکە بۆ خشڵی مل بەکار هاتووە.)) (هەرشەمیی، ٢٠٢٢: ٦٢٣).

توێژەرێک ئاماژە بەوە دەکات کەوا ناونیشان تارادەیەک نووسەر وابەستە دەکات و دەڵێت: ((هەڵبژاردنی ناونیشان لەلایەن نووسەرەوە کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستە بە ئاگاییەکی زۆرەوە بیری لێبکاتەوە و حەقی خۆی پێبدات، دەبێت ئەوەش بڵێین کە: ناونیشان لە زۆر باردا جڵەو لە نووسەر وەردەگرێتەوە و دەیداتە دەقەکەی واتە ئەو ناونیشانە بەشێک لە ئازادی نووسەر وەردەگرێتەوە و دەیگێڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی دەق، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە نووسەر بە تەواوەتی خۆی ببەستێتەوە بە کرۆکی دەقەکەیەوە هەر لەوێشەوە ناونیشانەکەی بەرهەمبهێنێت و ڕاستەوخۆ ناوەڕۆکی بابەتەکەیمان پێبدات، ناونیشانێکی مەبەست حازربەدەستمان پێشکەشبکات، چونکە ئەمەش ڕاستەوخۆ کەمکردنەوە و لێدانە لە نرخ و بەهای دەقە داهێنراوەکەی و بێپێزکردنی ناونیشانەکەیەتی و سەرئەنجام ناونیشانی دەقەکەش نە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و نە پرۆسەی خوێندنەوەش کاملتردەکات.)) (عزیز، گ. زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦، ژ.٥١: ٢٤٧).

لە کتێبی (ملوانکە)دا، شێرکۆ ناونیشانێکی هێناوە، بەکارهاتووی ناو دەقەکەیە، چەندین جار لەناو دەقەکەدا وشەی ملوانکە هاتووە، بەڵام ئەو تێڕوانینە ئیستاتیکییەی بۆ وشەکە بەکاریهێناوە و ئەو مەبەستەی کە ویستویەتی لە پشت ملوانکەوە بیگەیەنێت گەیاندوویەتیە پلەیەکی بەرزی داهێنان هەم لە نووسینی دەقەکە و هەم لە دانانی ناونیشانەکە، شێرکۆ وەک ئیدیەمێک وشەکەی داناوە و لە پشتیەوە باسی نەهامەتییەکانی خاوەنی ئەسڵی دەکات. لەبەرئەوە شێرکۆ وابەستەیەکی جوانی ناونیشانی دەقەکەی بووە، ئەو دەقە جگە لە (ملوانکە) هیچ ناونیشانێکی تری هێندە شایەن نییە.

بە بینینی ناونیشانەکە خوێنەر بیری بۆ ئەدەبی ژنانە دەچێت، هەرچەندە زۆربەی ژنە نووسەرەکان لەگەڵ بوونی ئەدەبێکدا نین ناوی ئەدەبی ژنانە بێت؛ ئەوەتا ڤینۆس فایەق دەڵێت: ((بروام بە هەبوونی ئەدەبێک نییە، ناوی ئەدەبی ژنانە بێت، یەک ئەدەب هەیە، ئەویش ئەدەبی ئینسانییە، ئیدی چ پیاو بینووسێت، چ ژن. ئەدەبی منداڵان، کرێکاران و بەرەنگار بوونەوە هەیە، بەڵام ئەدەبی ژنانە نییە.)) (حەسەن، ٢٠٢٠: ٩).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

یەکەم دێڕ لە دەقەکەدا (وەختێ کۆتایی ئەبێتە سەرەتا) دواتر دانانی هێمایەکی خاڵبەندی کە وەک کۆتایی کۆپلەیەک بێت لە شیعردا، دێرەکە خۆی بۆ خۆی کۆپلەیەکی سەربەخۆیە، چونکە خۆی لە ناو خۆیدا مانایەکی هەڵگرتووە، ئەو هێمایەی کە دانراوە نیشانەی ئەو سەرەتای کۆتاییە کە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، واتا لە کۆتایی کردەوەیەکەوە سەرەتای چیرۆکێک دەستی پێکردووە.

وەختێ کۆتایی دەبێتە سەرەتا
***
بەر لەوەی دەنگ وەکوو
شەپۆلی سەر لمی بەستێنێ
دابچێ و بمرێت و بەرلەوەی
رەنگیشم چون پەلکی زەردەیەک
لە نێوان دوو بەردی
خۆرئاوای کێوێکدا
گیانبدا و هەڵوەرێ..
(بێکەس، ٢٠٠٧: ٧- ٨)

(داچوون، مردن، گیاندان، هەڵوەرین) هەموو ئەم کارانە لە کۆپلەی یەکەمی دەقەکەدا ئاماژەن بۆ لەناوچوون، لەناوچوون و کۆتایی هاتن بە بوونێک، بە گیانلەبەرێک، بە ژیانێک و هەموویان کاری نەرێنین و ژیان ستێنەرەوەن، لەگەڵ ئەوەی کە تا ئێستا قسەکەرەکە بێ لایەنە و خوێنەر ڕادەکێشێت و کونجکۆڵ دەبێت بۆ زانینی قسەکەرەکە و دەپرسێت دەبێ کێ بێت؟ بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕەنگە بیری بۆ ئەوە بچێت لە ئاسۆی بیری خۆیدا قسەکەر بنیات بنێت، بە پێی ئەپستیمەی کۆمەڵگاکەی کە تیا دەژی بۆ ئەوە دەچێت ڕەنگە قسەکەر کەسێکی غەدرلێکراو بێت، یان نزیکتر ڕەنگە ژنێک بێت، ئەم گێژاوی بیرانە بەردەوامی بە خوێنەر دەدات و تا دەگاتە وشەی (قریشکەم) لە کۆپلەی دووەمدا و وردتر وشەی (مێینەم) خوێنەر دڵنیا دەکاتەوە کە قسەکەر ژنە.

بەرلەوەی چیرۆکم ببێتە تابووت و
بەرلەوەی وەک تۆزی دوای غاری
ئەسپێکی ناو دەشتی ئەفسانە
یان کەفە ژیلکەیەک لە ئاوی ترساودا
یان پەرێک باگرۆ ببیات و
لە چاوان ون ببێ..
پێش ئەوەی بزر بوون بمکوژێ و
بە سەراب دامپۆشێ
دەفتەرم چاوەڕێی گەرداوی زمانە
لەوشەو ڕستەمدا هەڵبکاو، چاوەڕێم
فوارەیەک لەئاوی کوژراوی حیکایەت
بە بەرزیی قریشکەم
لە شەوی مانادا
هەڵچێت و سەرتاپای دیرۆکم
بەو ئاوە ڕەنگبکا
درەنگە و درەنگەو ئەمەوێ
"با"ی قسەی گێبرخواردووی مێیینەم
ڕاچڵەکێ و هەڵکات و
(بێکەس، ٢٠٠٧: ٨- ٩)

لە دوای ئەم دێرانەوە خوێنەر بە تەواوی لەوە دڵنیا دەبێت کە ئەو ئاسۆی چاوەڕوانییەی هەیبوو هاتووەتە دی و چیتر بۆ کلیلە وشەی تر ناگەڕێت تاوەکو بۆی بخاتەڕوو کە ئایا قسەکەر کێیە. لە دێرەکانی دواتردا زۆرترین ئاماژە دەدات بۆ ئەوەی ناسنامەی قسەکەر بە خوێنەر بناسێنێت بە هێنانی وشەکانی وەک (کچی حەقیقەت، ژنە چەخماخەی هەناوی شەوەزەنگ، کڵپەی پرچ، کڵپەی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

مەمک) دیسانەوە ئاسۆی چاوەڕوانی لەگەڵ پێشبینییەکانی خوێنەردا یەک دەگرنەوە کە شاعیر ئەم وشە مێیینانە دەکات بە گژی کۆمەڵێک وشەی نێرسالارانەدا، چونکە پێشبینییەکانی خوێنەر لە پێشینەیەکی کۆمەڵایەتییەوە هاتووە کە تیایدا نێر باڵادەستە و مێ ژێردەستە و کوژراو، ئەمە جگە لەوەی کە خوێنەر لەو خوێنەرانە بێت کە ئاگاداری بیروبۆچوونی شاعیر بێت و بزانێت کە (شێرکۆ) جگە لە خۆی، هەردەم دەنگە مێینەکەی ناخی دەنگێکی بە هاوار و قیژە بووە لە پێناو ئەوەی ژن لە کوشتن و چەوساندنەوە ڕزگاربکات و دەربڕی هەموو دەنگە خەفەکراو و خنکێنراوەکان بووە.

بێدەربەست چون کچی حەقیقەت
چون ژنە چەخماخەی هەناوی شەوەزەنگ
بە کڵپەی پرچەوە
بە کڵپەی مەمکەوە
بڕوات و گوێ بە گوێی نەهێنی بگەڕێ و
لەوپەڕی ترسەوە هەتاوەکوو ئەوپەڕی زەلیلی
بێدەنگیی وڵاتێ بە هاوار تەیکات و
لە قاپی قانون و زوڵمەت و، لە قاپی نێرینەی
ئەم دنیاو ئەو دنیاو لە دەرگای
بەهەشتیان بدات و بۆ ساتێک نەسرەوێ..
(بێکەس، ٢٠٠٧: ١٠)

لە دەقەکەدا کە بە شیعر نوسراوە ناوی ناونیشانەکە واتا (ملوانکە) نەهاتووە، شاعیر تەنها وەک چیرۆکخوانێک لە بەشە پەخشانەکەی دەقەکەدا، ئەو دەنگەمان پێ دەناسێنێت و دەڵێت: ((ئەوەی گوێتان لێبوو، دەنگی سپی ملوانکەیەکی زەیتوونیی عاشق بوو...)) (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٠)

کۆتایی ژیانی ئەم ملوانکە عاشقە سەرەتای هاواری ناکۆتای ملوانکەکانی تر و سەرەتای گێرانەوەی چیرۆکی ژیانی چەوساوەی ئەوانە لەگەڵ دەسەڵاتی نێرسالارانەی کۆمەڵگا و دیندا. (شێرکۆ) لەم دەقە پەخشانەیدا ناوی ملوانکەکە دەهێنێت کە کردوویەتی بە ناونیشان بۆ کتێبەکەی و وردە وردە ئەوە لە خوێنەرەکانی دەگەیەنێت کە ملوانکە هی ژنە، ملوانکە خودی ژن خۆیەتی، ملوانکە مێیە، ملوانکە وەک ژن بە پەتەکەی خۆی دەخنکێنرێت ئەگەر عاشق بێت، وەک چۆن بە لەچکەکەی دەخنکێنرێت وەک چۆن بە ملوانکەکەی دەخنکێنرێت، واتا وا دەکەن مێیەک مێیەکی تر بکوژێت بێ ئەوەی نێرەکان ئامرازی تری کوشتن بەکار بهێنن. چیرۆکخوان دەڵێت: ((هەر بە خوێنەکەی خۆیشی و بە گەورەیی لە ئاسماندا دوو بست لە خوار خواوە نووسییان: شەرەف ئا شەرەف!)) (بێکەس، ٢٠٠٧: ١١)

لە ڕووی فۆرمەوە ئەم دەقە دەقێکی واڵایە ((دەقی واڵا، وەک دەرهاویشتە و بنەمایەکی تەکنیکی شیعری پۆست مۆدێرنە، وەک زۆرێک لە چەمک و زاراوە ڕەخنەییەکان لە نێوان ڕەخنەگران و نووسەرانەوە بیروڕای جیاوازی لەسەرە، هەریەکەیان بە پێی بیروڕای تایبەتی خۆیانەوە باسیان کردووە، چەندین زاراوەی جیاوازیشیان لە جیاتی زاراوەی (واڵا) بۆ ئەم جۆرە دەقانە بەکار هێناوە، بۆ نموونە (قەسیدە، دەق، دەقی کراوە، چامەی درێژی نوێ). )) (حوسێن، ٢٠٢٠: ٥٣٦)

هەروەها هەندێ زاراوەی تر لەلایەن پسپۆڕانەوە خراوەتەڕوو ((بۆنموونە: فوئاد لەم بارەیەوە دەڵێت: (دانانی زاراوەی ((تێکستی واڵا))لە ڕووی مانا و مەبەستەوە، وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی، جۆرە لێڵییەک دێنێتە ئاراوە، جا بۆ ئەوەی زاراوە ڕەخنەییەکان تێکەڵی یەکدی نەکەین و لە پێناو بەکارهێنانێکی وردتری ئەم زاراوانە، باشتر وایە لە جیاتی زاراوەی ((تێکستی واڵا)) زاراوەی ((تێکستی ئاوێتە))بۆ دەقی ((کورسی)) و هاوشێوەکانی بەکاربهێنرێت.)) (حوسێن، ٢٠٢٠: ٥٣٦).

شێرکۆ لە پێشەکی کتێبی (ملوانکە)دا دەڵێت: ((بەڵێ ئەم کتێبەیشم هەر ناوناوە دەقێکی واڵا!. بەڵام من مەبەستم لە تێکستی واڵاو کراوە چییە؟! لە سادەترین پێناسە کردندا. ماڵێکە نەیەک بابەت و نەیەک فۆرمی دیاریکراوی تیا ناژی هیچ کام لەشیعر و چیرۆک و پەخشان و پەخشانە شیعر و شانۆنامە خاوەنی هەموو ماڵەکەنین. بەڵام لە هەمان کاتدا ماڵی هەموویشیانە.)) (بێکەس، ٢٠٠٧: ٦).

((لە کتێبی (ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە) دا دەڵێت: وا ئەمجارەش لەڕێی ئەم دەقە واڵایەدا بە یەکتر ئەگەینەوە. (ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە)، کە لە دنیا بینی و جۆری شێواز و تێکەڵەی هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا، ئەچێتە ڕیزبەندیەکەی : (کورسی) و (ملوانکە)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.2.2

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

و (ئێستا کچێک نیشتیمانمە) وە بگرە فراوانتریش، شیعر و پەخشان و چیرۆک و شانۆنامەی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە و هەمووشیان یەک تەوەر و ناوەندی سەرەکی بە یەکیانەوە ئەبەستێتەوە.)) (حوسەین، ۲۰۲۰: ٥٤٢- ٥٤٣).

یەکەمین دەقی والآی شێرکۆ بێکەس دەقی (کورسی) بووە لە ساڵی ۲۰۰٥ نووسیویەتی ئەم پێکهاتە و فۆرمی دەقە وەک شێوازێکی نوێ چووەتە بەر چاوی خوێنەر و خوێنەری ناچار کردووە سەر لەنوێ ئاسۆی چاوەڕوانی بە مەودایەکی ئێستاتیکی تردا بەرێت و هەوڵبدات بەرەبەرە بیر و ئەندێشەی خۆی کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی لەگەڵ دەقەکەو شێوازی دارشتنەکەیدا بگونجێنێت. کەواتە لێرەشدا دیسان شێواز و فۆرمی دارشتنی بەرهەمی ئەدەبی وا لە خوێنەر دەکات کە ئاسۆی چاوەڕوانی بگۆڕێت. هەڵبەتە هەمان خوێنەر بۆ وەرگرتنی دەقە والآکانی تری شێرکۆ پێویست ناکات ئاسۆی چاوەڕوانی نوێ بونیات بنێت بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە، هەر لەبەر تازەیی بەرهەمەکەشە کە شێرکۆ خۆی لە سەرەتای نووسینی دەقی (کورسی)دا پێشەکییەک باسدەکات کە وەک ناساندنێکی بەرهەمەکە وەهایە، تیایدا باسی دەقی والآ دەکات.
https://www.youtube.com/watch?v=JHFGkjTvNcQ

### ئەنجامەکان

١. ئاسۆی پێشبینی لە ئیستاتیکای وەرگرتندا، زاراوەیەکە؛ دەتوانرێت بۆ هەموو بەش و پێکهاتەکانی دەقی ئەدەبی بەکاربهێنرێت، هەر لە ناونیشانەوە هەتاوەکو ناوەرۆک و کێش و سەروا و مەبەستی نووسینی دەق.
٢. لەم دەقەدا، ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقی ناونیشانەکەدا یەک دەگرنەوە، خوێنەر بە ئەپستیمەی کۆمەڵایەتی دەگاتە ئەنجام.
٣. لە ڕووی فۆرمەوە تارادەیەک خوێنەر ئاسۆی پێشبینییەکەی سەر لەنوێ بونیات دەنێتەوە، چونکە دەقەکە دەقێکی والآیە و خوێنەری ئەو ساڵانە پێی ئاشنا نەبوون.

### سەرچاوەکان

#### کوردی


- بەرزنجی، عەلی تاهیر. (۲۰۲۰). ئاسۆی دەق. ئێڤا بۆ چاپ و ڕیکلام.
- بێکەس، شێرکۆ. (۲۰۰۷). کتێبی ملوانکە. چ١. چاپخانەی ڕەنج.
- حسین، د. علی طاهر. – محمود، د. شنۆ محمد. (۲۰۱۲). زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانیی و خوێندنەوەی دەقی شیعریی. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. ژ.٣٣. ٥٩- ٧٤.
- حوسێن، هیمداد. (۲۰۲۰). ئەدەبی نوێی کوردی – (لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی پراکتیکی). کتێبی ١. ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.
- حەسەن، حەمەسەعید. (۲۰۲۰). شیعر لە زاری ژنەوە. ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- محمود، پ. د. فازیل مەجید – عەزیز، م. ی. بێستون عارف. (۲۰۱٦). تەکنیک و ڕەگەزی هونەری خواستراو [(ناونیشانی ڕۆمان) وەک نموونە]. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. ژ ٥١. ٢٤٥- ٢٦٦.
- هەرشەمەیی، شاسوار. (۲۰۲۲). فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی کوردیی – مێژووی پێکهاتنی وشە لە زمانی کوردیدا. چ١. بەرگی ٣. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.


#### عەرەبی


- الساعدي، محمد كريم. (٢٠١٨). منظر و التلقي و المفاهيم الفينومينولوجيا. عدد ٥٨٧٩.
- باللودمو، خديجة. (٢٠١٢- ٢٠١٣). المتلقي بين نظرية التلقي و الأدب التفاعلي (مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في الأدب العربي – جامعة قاصدي مرباح ورقلة – كلية الآداب و اللغات – قسم اللغة و الأدب العربي – الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.
-زين، حفيظة. (٢٠٠٤- ٢٠٠٥). قصيدة "بلقيس" لنزار قباني – دراسة في ضوء نظرية القراءة و جماليات التلقي – مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير – جامعة محمد خيذر ببسكرة – كلية الآداب و العلوم الاجتماعية و الإنسانية – قسم اللغة و الأدب العربي- الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.
- هذيلي، م. م. علي حسن. (٢٠١٧). التلقي بين ياوس و آيزر. كلية آداب – جامعة ذي قار. مجلة دواة. مجلد ٤. العدد ١٣. ١٥٣- ١٦٣.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)